# مامۆستایانی عێراقی حەزناکەن بگەڕێنەوە

کەمی و نەبونی خەڵکانی ئەکادیمی زیان بە خوێندنی باڵا دەگەیەنێت لە سەرتاسەری وڵاتدا.
(وقائی) دەخوێنێت، سەیرێکی لیستی ناوی ئەو پرۆفیسۆرانەی کرد کە بڕیارە موناقەشەی لێکۆڵینەوەی دکتۆراکەی بکەن و بەنائومێدیەوە سەری راوەشاند.

سیان لەو پرۆفیسۆرانە هەڵهاتون و وڵاتیان بەجێهێشتوە. لەکاتێکدا یەکێکیان بەڵێنیداوە ئامادەی دانیشتنی موناقەشەی تێزەکە ببێت و بەرگری لێبکات، بەڵام یەکێکی تریان نەیتوانی ئامادەبێت بەهۆی خراپی باری ئەمنیەوە.

زەهرا، ٤٠، کە دوو مانگ لەمەوبەر بڕوانامەی دکتۆراکەی وەرگرتوە، خۆی بە تەنیا زۆربەی کارەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئەنجامداوە. زەهرا لۆمەی مامۆستاکانی نەکرد – چونکە یەکێکیان دوای ئەوەی فیشەکێکی خوێناویان لە زەرفێکدا بۆ ناردبوو لەگەڵ رستەیەکدا کە نوسرابوو، "لەبەرئەوەی کە مامۆستای زانکۆیت، ژیانت لەخەتەردایە!"، عێراقی بەجێهێشت.

زەهرا، نەیویست ناوی راستەقینەی بڵاوبکرێتەوە، وتی، "وامزانی بە هۆی باشبونی باری ئەمنی وڵاتەوە، پرۆفیسۆرەکان دەگەڕێنەوە بۆ عێراق. بەپێچەوانەوە، خەڵکانێك هەن هێشتا هەوڵی هەڵهاتن دەدەن لە وڵات و زانکۆکانیش هێشتا بەدەست کەمی مامۆستایانەوە دەناڵێنن."

ئەو هەڕەشانەی بەشێوەیەکی بەربڵاو دەکرێنە سەر کارمەندانی زانکۆکانی عێراق خەریکە بەتەواوەتی وڵات لە کرۆکە فیکری و زانستیەکەی دادەماڵێت، بەتایبەت لە بەغدا.

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، لە ٢٠٠٣ ەوە تا مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧، دووسەدو چل (٢٤٠) مامۆستای زانکۆ کوژراون.

بە قسەی تاریق بەکا، وزەیری خوێندنی باڵا لە ٢٠٠٤ دا و لە سەردەمی کابینەکەی ئەیاد عەلاویدا، نزیکەی ٢٠٠٠ پسپۆڕی ئەکادیمی وڵاتیان بەجێهێشتوە.

زۆربەیان بەرەو ئەردەن و وڵاتانی کەنداو و لیبیا و سوریا هەڵهاتون. هەندێکیان لە زانکۆی سوریای نێودەوڵەتیان بۆ زانست و تەکنۆلۆژیا دامەزراندوە.

زۆرێکی تریان ئیشیان دەستناکەوێت و بەزەحمەت ژیان لەو وڵاتەدا ئەگوزەرێنن کە پەنایان بۆبردوە و حەزەریشدەکەن بگەڕێنەوە بۆ وڵات بەڵام چاریان ناچارە کە بمێننەوە.

ژنی مامۆستایەکی زانستی دەرمانسازی کە بەمدواییانە لە سوریا گەڕاوەتەوە وتی مێردەکەی لە سوریا مایەوە هەتا ئەم (ژنەکەی) دڵنیایی لە بارودۆخە ئەکات و بزانێت چۆنە و چۆن نیە.

ئەو ژنە وتی، "تەواو لە ژیان بێزاربوبوم لە سوریا. لەگەڵ کوڕەکانمدا گەڕامەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی دڵنیابم لەوەی کە بارودۆخەکە ئارامە پێش ئەوەی مێردەکەم بگەڕێتەوە. مێردەکەم لە یەکێك لە زانکۆکانی سوریا کاردەکات، بەڵام ئەیەوێت لە زانکۆکەی خۆی لە عێراق کاربکات و لەگەڵ قوتابیەکانی خۆیدا بێت."

سەرەڕای باشبونی ئەمدواییەی باری ئەمن و ئاسایش لە پایتەخت، خەڵکانی ئەکادیمی لەناوە و دەرەوەی عێراق ئەڵێن ئەو زانایانەی کە لە ترس و تۆقاندن هەڵهاتون پێناچێت لە داهاتویەکی نزیکدا بگەڕێنەوە.

بەکا، کە زانایەکە و لە زانکۆی هارڤەردەوە بەسەردان هاتووەتەوە بۆ عێراق، توێژینەوەدەکات لەسەر باری سیستمی پەروەردە و ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی خەڵکانی ئەکادیمی دەبنەوە لە عێراقدا.

بەکا، کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دا عێراقی بەجێهێشتوە و رۆیشتوە بۆ ئەمریکا لە رێگەی تۆڕی زانایانی هەڕەشەلێکراو (Scholars at Risk Network) کە بارەگاکەی لە ئەمریکایە، وتی، "ناتوانیت بگەڕێتەوە بۆ وڵاتێك کە بزانی لەوێ ئەکوژرێت."

بەپێی یەکێك لە راپۆرتەکانی بەکا، نزیکەی ٦٠٪ی ئەو ئەکادیمیانەی کوژراون بڕوانامەی دکتۆرایان هەبووە و خەڵکی بەغدابوون و لە زانکۆکاندا وانەیان وتوەتەوە.

بەکا وتی تا ئێستا هیچ کەسێك لەسەر ئەو روداوی کوشتنانە دادگایینەکراوە.

کەوسەر ئەحمەد فازڵ، ١٩، قوتابی زانکۆی موستەنسەریە لە بەغدا، وتی، "باشترین پرۆفیسۆرەکان بونە قوربانی توندوتیژی. بەدەگمەن هەفتەیەك تێپەڕئەبێت هەواڵی کوشتنی پرۆفیسۆرێك یان مامۆستایەکی تێدا نەبیستین."

بەڵام چەند نیشانەیەك هەن ئاماژە بەوە دەکەن زانایانی عێراقی ئێستاش بەردەوام روبەڕووی مەترسی دەبنەوە.

لە کۆی ئەو ٢١ ئەکادیمیەی ئێستا لە وڵاتانی خۆیان هەڵهاتون و پەنایان بردۆتە وڵاتانی دەرەوە لە رێگەی تۆڕی زانایانی هەڕەشەلێکراوەوە، ١١ یان عێراقین.

لە مانگی ئەیلولی ساڵی پارەوە شەش داوا پێشکەشکراوە و دوایەمین داواش لە ٨ی ئەم مانگەدا (کانونی دووەمدا) تۆمارکراوە.

تۆقاندنی بەردەوامی خەڵکانی ئەکادیمی هەڕەشەی ئەوەدەکات هەموویان لە وڵات دەرپەڕێنێت.

سیستمی خوێندنی باڵا دەمێکە رووی لە خراپبون کردووە لە عێراقدا.

هەتا هەشتاکانیش، عێراق وەکو سەنتەری ئەکادیمیا و خوێندنی باڵا سەیردەکرا لە جیهانی عەرەبیدا. بەڵام،سەدام حسەینی سەرۆکی پێشووی عێراق، لەگەڵ زیادکردنی بودجەی سەربازی لە کاتی شەڕی ئێران-عێراقدا کە لە ١٩٨٠وە هەتا ١٩٨٨ ی خایاند، پارەوپولی بواری پەروەردەی لەو وڵاتەدا بڕی.

زۆر لە پرۆفیسۆرە ناودارەکانی عێراق لە سەردەمی حکومەتە بەعسیەکەی سەدامدا هەڵهاتن و وڵاتیان بەجێهێشت، هەروەها بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوریەشەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نەوەدەکاندا بەسەر عێراقدا سەپاندی ژمارەیەکی زۆرتر وڵاتیان بەجێهێشت.

لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا سیاسەتی "ریشەکێشکردنی بەعسی" هێنایەکایەوە کە لە رێگەیەوە ئەندامانی ئەو حزبە - لەوانە ١٠٠٠ مامۆستا و پرۆفیسۆر – لەسەر کار لابران.

بە قسەی بەکا، کە پێشتر ئەندامە حزبی بەعس بوەو ٢٠ ساڵ لەمەوبەر وازی لە حزبی بەعس هێناوە، حکومەت ناچاربوو بواری ١٥٣ پسپۆڕیی دابخات، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی چیتر شارەزایان لەو بوارانەدا نەمێنن.

بەکا وتی لە کاتێکدا هەموو بوارە ئەکادیمیەکان زیانیان پێگەیشتوە، "کۆلیژ و پەیمانگە پزیشکیەکان بەتەواوەتی وێرانبون بەهۆی نەبونی خەڵکی شارەزا و پسێۆڕەڕەوە لەو بوارەدا."

کەوسەر وتی، "پێوانەکانی وانەوتنەوە لە زانکۆکانی عێراقدا رووڵەخراپبونن بەهۆی نەبونی پرۆفیسۆرەوە. زۆربەی مامۆستاکان لەمدواییانەدا پلەی ماستەر و دکتۆراکانیان بەدەستهێناوە."

وەزارەت هەوڵیداوە ئەو نوقسانیە پڕبکاتەوە لە رێگەی ئەوەی پۆستی مامۆستایی بدات بەو خەڵکانەی پلەی بەرزیان هەیە - ٧٩٠٠ ماستەر و زیاتر لە ١٠٠٠ دکتۆرا لە نێوان ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ دا دامەزرێنراون.

ئەکادیمیەکان ئەڵێن کە ژمارەی مامۆستا نوێیەکان و ئاستی زانستیان وەکو پێویست نیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە - بەتایبەت پاش ئەوەی ئەو وەزارەتە لە کانونی یەکەمدا رایگەیاند کە ئەیەوێت ٩ زانکۆی نوێ دابمەزرێنێت لە سەرتاسەری عێراقدا.

بە قسەی باسل خەتیب، ووتەبێژی وەزارەت، حکومەت هانی ستافی زانکۆکان دەدات بگەڕێنەوە بۆ وڵات.

ئێستا پەرلەمان خەریکی تاوتوێکردنی پرۆژەیاسایەکەیە بۆ زیادکردنی موچە و یارمەتی مامۆستایان بەڕێژەی ٢٠٠٪ و پێدانی ئیمتیازاتی زیاتر وەکو تەئمینی ژیان و نیشتەجێکردن.

زۆربەی مامۆستایانی زانکۆی عێراقی ئێستا موچەیان لەنێوان ٣٥٠ هەزار بۆ ٢ ملیۆن دیناری عێراقیە لە مانگێکدا.

باسل وتی عێراق پێویستیەکی ئێجگار زۆری بە گەڕانەوەی زاناشارەزا و بەتواناکانێتی، بەتایبەت ئەوانەی ئێستا لە زانکۆکانی خۆراوادا وانە ئەڵێنەوە.

هەروەها وتی، "داوا لە پرۆفیسۆرەکان کراوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لەو کۆنفرانسانەدا کە لە کوردستانی عێراق و دەرەوەی وڵات سازدراون، وەزیری خوێندنی باڵا بەردەوام داوایان لێدەکات بگەڕێنەوە. هەندێکیان ئەیانەوێت بگەڕێنەوە، بەڵام هەندێکی تریان دوودڵن لە گەڕانەوە چونکە لە بارودۆخە ئەمنیەکە نیگەرانن."

هەروەها وتی، "ئەگەر بیانەوێت بگەڕێنەوە، ئێمە بەگەرمی پێشوازیان لێدەکەین."

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لە خەڵکانی ئەکادیمی ئەڵێن حکومەت و وەزارەت بەپێی پێویست هەوڵیاننەداوە بۆ پشتگیریکردنیان.

ئیبراهیم محەممەد ئەحمەد، پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان لە بەغدا وتی، "پێویستە وەزارەت هەوڵی جیددی زیاتر بدات سەبارەت گێرانەوەی مامۆستایانی زانکۆکان."

هەروەها وتی، "مەبەستم ئەوە نیە کە تەنها کێشە ئەمنیەکە چارەسەربکەن، زۆر لە پرۆفیسۆرەکان کە وڵاتیان بەجێهێشتوە لە ترسی ژیانی خۆیان، هەستدەکەن لە دەرەوەی وڵات مامەڵەیەکی باشتر دەکرێن لەوەی کۆلیژەکانی خۆیان لە عێراق. لەبەرئەوەیە نایانەوێت بگەڕێنەوە،ئەمە جگە لە هەبونی هەڕەشەی ئەمنی."

تێبینی: هەندێك لەو ناوانەی لەم راپۆرتەدا هاتون لەبەر هۆی ئەمنی گۆڕدراون.

زەینەب ناجی پەیامنێری (IWPR)ی عێراق، و مەریوان حەمەسەعید بەشداریکردوە لەم راپۆرتەدا(IWPR) ە لە بەغدا و موحەریری.

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D9%85%D8%A7%D9%85%DB%86%D8%B3%D8%AA%D8%A7%DB%8C%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82%DB%8C-%D8%AD%D9%87%E2%80%8C%D8%B2%D9%86%D8%A7%D9%83%D9%87%E2%80%8C%D9%86-%D8%A8%DA%AF%D9%87%E2%80%8C%DA%95%DB%8E%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C